# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Erbil Polytechnic University | |
| Department | Tourism Foundation Administration | |
| Module Name | Tourism Administration Principle | |
| Module Code | TAP104 | |
| Degree | Technical Diploma [/] Bachler [ ]<br>High Diploma [ ] Master [ ] PhD [ ] | |
| Semester | First Semester | |
| Qualification | M.SC. | |
| Scientific Title | Assistant lecturer | |
| ECTS (Credits) | 7 | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [/] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( 89 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | (3 )hr Class | (100 )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 16 | |
| Lecturer (Theory) | Nadia Omar Ahmed | |
| E-Mail & Mobile NO. | Nadia.ahmed@epu.edu.iq/07504453461 | |
| Lecturer (Practical) | Nadia Omar Ahmed | |
| E-Mail & Mobile NO. | Nadia.ahmed@epu.edu.iq/07504453461 | |
| Websites | Epu.edu.iq | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **خوێندنی وانەی (بنەماکانی کارگێری گەشتیاری) بۆساڵی خوێندنی (2022- 2021) بریتییە لە باسکردنی ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی ناساندنی بنەماکانی کارگێری گەشتیاری ، وەك : زاراوەو پێناسەو ڕێبازو چەمکی کارگێری و مێژووی سەرهەڵدانیان ، کە ئامانج تێیدا شارەزاییکردنی قوتابییانە بەچەمك و ناسینی بنەماکانی کارگێری گەشتیاری ، هەروەها زانیاری پێدانیان لەسەر گرنگترین ئەو ڕێبازو شێوازو جۆرانەی بنەماکانی کارگێری گەشتیاری , جگە لە فراوانکردنی توانای قوتابیان بە گرنگترین ئەو تەکنیکانەی کە لە دەرەوەی کتێب و نامە ئەکادیمیەکان بەکاردێن وەك : ئینتەرنێت و سمینارو پرۆژەو راپۆرت و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێیان .** |
| **Course objectives** | **ئامانج و مەبەست لەخوێندنی ئەو بابەتە ئەوەیە کە : لەگەڵ ناسین و تێگەیاندنی قوتابیان لەچەمکی ئەو زاراوانە وەك ئامانجێکی گشتی ، شارەزایی پێدانیانە لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی ناوەرۆك وروخساری ئەو بنەمایانەی کەلە زانستی کارگێری گەشتیاریدا لەنێو میللەتاندا هەیەو لەلایەن زاناو بەکاربەرانیەوە پەیرەوکراون , لەرێگەی کاتژمێرە تیۆری وپراکتیکیەکانەوەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی لەبوارەکانی کارگێری گشتیداو پەیوەندیکردن بە قوتابیانەوە لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە .** |
| **Student's obligation** | **قوتابی بەرپرسیارە لە ئامادەبوونی ناو پۆل و هوڵی تاقیکردنەوەکان لە ماوەی ساڵی ئەکادیمیدا بۆ بەدەستهێنانی نمرەی پێویست و دەرچوون لەم بابەتەدا , هەروەها لەسەر قوتابی پێویستە لەگەڵ هاوەڵەکانی کار بکات بۆ ئامادەکردنی سمینارو راپۆرت و پرۆژەو چالاکیە جۆراوجۆرەکان , لەهەمانکاتدا دەبێت قوتابی ئامادەبێت بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکی ڕۆژانە.** |
| **Required Learning Materials** | **کەرستە تایبەتەکانی بەکارهێنراو لەم وانەیەدا : وەك : لاپتۆپ و داتاشۆو سەرچاوەکانی تایبەت بە یوتیوب لەرێگەی لێدانی ڤیدیۆی تایبەت ,جگە لە تەختەی سپی و قەلەم ماجك** |

| | | Task | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|---|
| **Evaluation** | | Paper Review | | | |
| | Assignments | Homework | % 10 | 4 | |
| | | Class Activity | % 2 | 2 | |
| | | Report | % 8 | 2 | |
| | | Seminar | % 8 | 2 | |
| | | Essay | | | |
| | | Project | | 4 | |
| | | Quiz | %8 | 2 | |
| | | Lab. | | | |
| | | Midterm Exam | %24 | | |
| | | Final Exam | % 40 | | |
| | | Total | 100 | 16 | |

**Specific learning outcome:**

1- تێگەیشتنی قوتابی لە زانستی کارگێڕی گەشتیاری و بوارەکانی جێبەکردنی لە سەردەمە جیاجیاکانیدا .

2- گەیاندنی زانیاری تەواو دەربارەی ڕۆڵی کارگێری لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بە گشتی و بواری گەشتیاری بە تایبەتی .

3- بەکارهێنانی زانستی کارگێری گەشتیاری لە بوارە تایبەتەکان بە گشتی .

4- کاراکردنی لایەنی پڕاکتیکی و سوود وەرگرتن لە زاراوە تایبەتەکانیدا .

5- چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە سایتە جیاوازەکانی تۆڕی ئینتەرنێت کە سوود بەخش بێت بۆ ئەم بوارە .

6- گەیاندنی چەمك و زاراوەی تایبەت بە بواری کارگێری گەشتیاری-

| Course References: | 1- مبادىء ألادارة , د. شوقى ناجى جواد , دار الكتب للطباعة والنشر جامعة الموصل 2001<br>2-ادارة المنشآت السياحية, آسيا محمد الآنصاري ,دارصفاء للنشر, عمان ألاردن , 2002<br>3- ألادارة وألاعمال , د.صالح مهدى العامري وآخرون , داروائل للنشر , الاردن , 2008<br>4- مهارات التسويق الحديثة : التسويق , مات هاج ,ت :بدار الفاروق , القاهرة , 2005<br>5-ادارة التسويق السياحى والفندقى, د. محمد حافظ حجازى, دارالوفاء للباعة. 2007<br>6- الادارة علم والتطبيق , محمد رسلان وجميلة جاداللة , طبعة الثالثة , مطبعة : دار المسيرة للنشر , عمان الاردن , 2008 .<br>7- مفاهيم الادارة الحديثة , فؤاد الشيخ سالم وآخرون , مركز الكتب الاردني , 2015<br>8 - ئيدارەی گشتی , نيعمەت عبدالله , چاپی یەکەم , کوردستان , هەولێر , 2009<br>9- بنەماکانی ئيدارە , ديلمان محەممەد سابير , چاپی دووەم , چ : ياد , سلێمانی 2014<br>10 - بنەما نوێکانی کارگێری , حسين حريم , وەرگێرانی : محمد چيا , چاپی یەکەم , چاپخانەی يادگار , هەولێر , 2005 |
|---|---|

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| چەمك و پێناسەو زاراوەکانی کارگێڕی گەشتياری | یەکەم | ناساندنی قوتابی بەو چەمك و زاراوە گرنگانەی بەکار دەهێندرين لەم بوارەدا |
| مێژووی سەرهەڵدانی کارگێڕی بەگشتی و کارگێری گەشتياری بە تايبەتی . | دووەم | هەڵوەستە لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی کارگێڕی لە سەردەمە جياوازەکانی ژيانی مرۆڤايەتيدا |
| قوتابخانە جياوازەکانی کارگێری | سێیەم | ناساندنی قوتابی بە ناو و پێناسەی قوتابخانە جۆراو جۆرەکانی بواری کارگێری لەسەردەمی کۆن و نوێدا |
| جۆرەکانی کارگێری بە گشتی و کارگێری گەشتياری بە تايبەتی | چوارەم | زانين و پێناسەکردنی جۆرەکانی کارگێری وئەو بوارە جياوازانەی تێيدا پەيرەو دەکرێت |
| جياوازی لە نێوان جۆرەکانی کارگێريدا | پێنجەم | ڕوونکردنەوەو دياريکردنی گشت جۆرەکانی کارگێڕی |

| | | |
|---|---|---|
| تایبەتمەندییەکانی کارگێڕی گەشتیاری | شەشەم | ناساندنی ئەو تایبەتمەندیانەی لە کرداری کارگێریدا پەیڕەودەکرێت تاکو چالاکییەکان سەرکەوتوو بوو . |
| ئەرکەکانی کارگێڕی گەشتیاری | حەوتەم | دیاریکردنی ئەرکە سەرەکیەکانی کارگێڕی گەشتیاری وەك: بەرهەمهێنان و بەبازارکردن و دارایی و کەرەستەی مرۆیی |
| بنەماکانی کارگێڕی گەشتیاری | هەشتەم | ناساندنی گرنگترین بنەماکانی کارگێڕی گەشتیاری |
| پلاندانان و پلاندانانی گەشتیاری | نۆهەم | پێناسەکردنی پلاندانان بە گشتی و پلاندانانی دەزگا گەشتیپاریەکان بە تایبەتی , هەنگاوەکانی پلاندانان و گرنگی پلاندانان , جۆرەکانی پلاندانان . |
| رێکخستن و رێکخستن لە دەزگا گەشتیارییەکاندا | دەهەم | دیاریکردنی ئەرکە سەرەکیەکانی کارگێڕی گەشتیاری وەك: بەرهەمهێنان و بەبازارکردن و دارایی و کەرەستەی مرۆیی |
| سەرکردایەتی (ئاراستەکردن) | یازدەهەم | پێناسەی سەرکردایەتی بە گشتی , گرنگی و سیفاتەکانی سەرکردە لە دەزگا گەشتیارییەکاندا |
| چاودێریکردن لە دەزگا گەشتیارییەکاندا | دوازدەهەم | پێناسەی چاودێری بە گشتی و گرنگی و جۆرو هەنگاوەکانی لە دەزگا گەشتیارییەکاندا |
| | | |
| | | |

| Practical Topics | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| Vocabulary of administratios principles by English & Kurdish languages | یەکەم | ناساندنی گشت زاراوە گرنگەکان و سەرەکییەکانی تایبەت بە کارگێری گەشتیاری بە زمانی ئینگلیزی |
| Vocabulary of administratios principles by English & kurdish languages | دووەم | هەڵوەستەکردن لەسەر بوارە جیاجیاکانی کارگێری گەشتیاری لە رێگەی ڤیدیۆ و پریزێنتێیشنەوە |
| ئەنجامدانی سمینار لەلایەن گروپێك لەقوتابیان لەبارەی قوتابخانە جیاوازەکانی کارگێری | سێیەم | ئاشناکردنی قوتابیان بەرێگەی ئەنجامدانی سمینار بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە بارەی قوتابخانە کارگێرییەکان |

| | | |
|---|---|---|
| ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی رۆژانەو گفتوگۆکردن لەبارەی ئەنجامەکانیان | چوارەم | ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی رۆژانەو گفتو گۆکردن لەبارەی ئەنجامەکانیان |
| گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو راپۆرتانەی کە قوتابیان ئامادەیان کردووە لەبابەتەکانی تیۆری | پێنجەم | گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو راپۆرتانەی کە قوتابیان ئامادەیان کردووە لەبابەتەکانی تیۆری |
| ڕوونکردنەوەی هەرەمی ماسلۆو زانیارییەکانی , هەروەها دەرخستنی گرنگی ئەم هەرەمە لە قوتابخانە مرۆڤایەتییەکانی کارگێریدا بە تایبەتیدا . | شەشەم | پێشکەشکردنی سمینار لەبارەی هەرەمی ماسلۆ بەهەردوو زمانی کوردی وئینگلیزی لەلایەن قوتابیانەوە |
| ئەنجامدانی سمینار لەبارەی پلاندانان و رێکخستن لە دەزگا گەشتیارییەکاندا | حەوتەم | ئەنجامدانی سمینار لەبارەی پلاندانان و رێکخستن لە دەزگا گەشتیارییەکاندا |
| ئەنجامدانی سمینار لەبارەی جیاوازی نێوان سەرکردەو بەرێوەبەر | هەشتەم | ئەنجامدانی سمینار لەبارەی جیاوازی نێوان سەرکردەو بەرێوەبەر |
| پێشکەشکردنی پرۆژەی قوتابیان و تاوتوێ و گفتوگۆکردنیان | نۆیەم | پێشکەشکردنی پرۆژەی قوتابیان و تاوتوێ و گفتوگۆکردنیان |

**Questions Example Design:**

**نموونەی هەندێك لە پرسیارەکانی بابەتی بنەماکانی گەشتیاری کارگێری**

**پ 1 : تەنها پێنج لەمانەی خوارەوە پێناسە بکە : (عرف خمسة فقط مما يلي) : (10 نمرە)**

**1 - رێکخستن (التنظيم) , 2 - چاودێری (الرقابة) , 3 - هاوردەکان (المدخلات) , 4 - چاودێری ناوەکی (الرقابة الداخلية) , 5 - سەرکردایەتی (القيادة) , 6 - قوتابخانەی سیستێمی, 7 - پلاندانان (التخطيط) .**

**پ 2: ا : گرنگترین تایبەتمەندیەکانی کارگێری ؟ بنووسە . (أكتب أهم خصائص الآدارة) (4 نمرە)**

**ب : لە قوتابخانەی دابەشکردنی کارگێری (زانا فایۆڵ) ئەرکەکانی بەرێوەبەری دابەشکرد , ئەو ئەرکانە چیین ؟ بە وردی بیاننووسە , (5 نمرە)**

**پ 3: سیفاتەکانی سەرکردە چیین ؟ بە وردی بنووسە (أكتب بالتفصيل عن صفات القائد) (10نمرە)**

**پ 4 : ا : هەنگاوەکانی رێکخستن لە دەزگا گەشتیاریەکاندا چیین ؟ بیاننووسە . (7 نمرە)**

**ب : چەند جۆری پلاندانان هەیە ؟ , بیانژمێرەو بە کورتی هەموویان بنووسە . (7 نمرە)**

**پ 5 : گرنگترین ئەو پێداویستیانەی کە بۆ چاودێری گەشتیاری پێویستە ئامادە بکرێت , تا بتوانێت بە**

ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێت چیین ؟ بە وردی بیانووسە (7 نمرە)

پ 6 : هێلکاری هەرەمی ماسلۆ بکێشەو بەشەکانی بە زمانی ئینگلیزی بنووسە . (7 نمرە)

وەڵامی پرسیارەکانی بابەتی بنەماکانی کارگێڕی گەشتیاری , قۆناغی یەکەم .

وەڵامی یەکەم : هەر بابەتەی زیاتر لە پێناسەیەکی هەیە , قوتابی بە بۆچوونی خۆی دەیاننووسێت .

وەڵامی پرسیاری دووەم : ا : احترام الوقت , 2 : بناؤ فرق العمل , 3 : تحفيز العاملين من ناحية المادية والمعنوية , 4 - التزام العاملين بمعايير الأداء والانجازالعالي مما يودى الى ترسيخ قيم وتقاليد حب العمل والتنمية التفكير الحر .

2 : ب : 1 التخطيط والتنظيم . 2 اصدار الاوامر . 3 التنسيق . 4 الرقابة 5 التخطيط الوظيفي

وەڵامی پرسیاری سێیەم : سیفاتەکانی سەرکردە :

1 - توانای کارتێکردنی لە سەر کۆمەڵانی خەڵك هەبێت . 2 - توانای گوێ گرتن و فێربوونی هەبێت لە کەسانی تری دەورو پشتی . 3 - توانای هەڵسەنگاندنی کارمەندانی هەبێت و لەهەمانکاتدا پێداویستییەکانیشیان بۆ دابین بکات 4 - توانای درووست کردنی پەیوەندی چالاك و بابەتیانەی هەبێت لەگەڵ کارمەندەکانیدا . 5 - ئامادە بێت بۆ وتنی راستییەکان لەکاتی پێویستدا و بتوانێت بە ئەمانەتەوە جێبەجێیان بکات 6 - ئامادە بێت بۆ چارسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان نەك خۆی لابدات لە کێشەکان . 7 - ئامادە بێت بۆ بڕیاردان و ئەنجامدانی چەند کارێك , هەتا ئەگەر خۆنەویستیش بێت , وەك سزادان لەکاتی هەڵەکردن , یاخود پابەند نەبوونی کارمەندان بە دەوام و کارەکانیان .

8 - کارکردن لەسەر بنەمای ئیشکردن و گەیشتن بە ئامانجەکان گرنگترە لە بوونی ناکۆکییەکانی نێوان کارمەندەکان . 9 - دەبێت هەندێك لەدەسەڵاتەکانی بدات بەکامەندەکانی دەوروپشتی تاکارەکانیان باشتر بەڕێوە بچێت . 10 - توانای رەخنەی بنیاتنەری هەبێت لە کاتی پێویستدا

وەڵامی پرسیاری چوارەم : ا : هەنگاوەکانی رێکخستن ئەمانەی خوارەوەن :

1 - دیاریکردنی ئامانجە سەرەکییەکانی رێکخراو , تاکو زانراو بێت .

2 - دیاریکردنی ئامانجە لاوەکیەکان, تاکو لایەنە پێویستیەکانی بوارەکە دەستنیشان بکرێت .

3 - دیاریکردنی ئەو چالاکییانەی کە پێویستن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان , چونکە ئامانجە جیاوازەکان بوارو سرووشتە جیاکانی چالاکی دەگۆڕێت .

4 - دابەشکردنی چالاکیەکان بە گشتی بۆ چەند چالاکیەکی لاوەکی , یاخود کۆکردنەوەی ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە , بە پێی ئەو بنەما چالاکانەی کە لێی پێکهاتوون ؛ بۆ نموونە : کۆکردنەوەی چالاکیەکان بەپێی بنەمای ئەرکەکان و بنەمای جوگرافی ئیش و کارەکان .

5 - بەستنەوەی کۆمەڵە چالاکییە جیاوازییەکانی ناو ڕێکخراو , لەگەڵ دیاریکردنی ئاستە جیاوازییەکانی پێویست بۆ ئەم چالاکییانە , لەگەڵ دیاریکردنی هەرەمی تایبەت بە ڕێکخستن .

6 - پێدانی دەسەڵات بە تاکەکانی ناو ڕێکخراو , تابتوانن بە باشی ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن

7 - ڕاسپاردنی کارمەندە بە تواناو لێهاتووەکان بە ئەنجامدانی جووجوڵەکانی ناو ڕێکخراو .

<u>وەڵامی پرسیاری پێنجەم</u> : <u>پێداویستییەکانی چاودێری ( متطلبات الرقابة )</u> :

قورسترین ئەرکی کارگێڕی چاودێریکردنە , لە هەمانکاتدا سەرکەوتن تیایدا زۆر ستەمە ئەگەر هاتوو پێداویستییەکانی بۆ ئامادە نەکرابێت , گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوەن :

1 - هاوشێوە بوونی چاودێری لەگەڵ شێوازی چالاکی : واتە پێویستە چاودێری هاوشێوە بێت لەگەڵ شێوازی چالاکییەکانی کارگێری لە رێکخراودا , چونکە هەر شێوازێکی چالاکی جۆرێکی جیاوازی لە چاودێری پێویستە , ئەمەش لەگەڵ جۆری رێکخراودا دەگۆڕێت .

2 - نەرمی نواندنی سیستێمی چاودێری : بۆ ئەوەی سیستێمی چاودێری بە تواناوە کاربکات و جێ بەجێ بکرێت , پێویستە نەرمی بنوێنرێت لەو کاتەی گۆڕانکاری بەسەر پلانەکاندا دێت و لە کاتی ڕوودانی شتە چاوەروان نەکراوەکاندا .

3 - خێرایی دەرخستنی لادانەکان : سیستێمی چاودێری کاتێك سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر بتوانێت بە شێوەیەکی زۆر خێرا لادانەکان دەربخات , جا لە پێش ڕوودانی بێت یاخود لە کاتی ڕوودانیدا

4 - بە ئابووری بوونی سیستێمی چاودێری : سیستێمی چاودێری لەهەر رێکخراوێکدا بۆ بە کارگێڕی کردنی, پێویستی بە چەند شتێك هەیە , وەك : (دارایی , کات , ئەرککێشان) , لەبەر ئەوە پێویستە سیستێمی چاودێری : ئابووریانە بێت و بتوانێت بگات بە ئامانجەکانی لە کات و ساتدا بە کەمترین تێچوون

5 - پێشبینی کردن و تێڕوانینی دوارۆژ : پێویستە سیستێمی چاودێری توانای پێشبینی کردن و تێڕوانینی دوا ڕۆژی هەبێت لە کاتی جێبەجێ کردنیدا .

6 - گونجاندنی سیستێمی چاودێری لەگەڵ پەیکەری ڕێکخستندا : ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە پێویستە جۆرێك لە گونجاندن لە ناو ڕێکخراودا هەبێت .

7 - لێهاتویی سیستێمی چاودێری : واتا پێویستە سیستێمی چاودێری لێهاتووانە کار بکات و بتوانێت بە ئامانجەکانی بگات لەکاتی جێ بەجێ کردندیدا .

**Extra notes:**

**External Evaluator**